www.kurdistannet.org
23-3-2003 22:47

# خەزرەجی و ئەوانیتر لەهەرکوێبن تاوانبارن

**شاخەوان شۆڕش**

چەند رۆژێکە ژەنەڕاڵی تاوانبار نەزار خەزرەجی وونبووەو هەواڵی جیاجیا دەربارەی ئەو دەگوترێ و دەکەونەبەرگوێ. دانیمارك بەگوێرەی راگەیاندنەکان و ووتەی مینستەری داد زانیاریەکی ئەوتۆی نییە، بەلاّم ئەوەی لەهەمووی سەیرترە ئەوەیە، مینستەری داد لینە ئێسپەرسن، هەروەها یاساناسی ستات بێرگیتە ڤێستبێرگ ئەوەیان دووپاتکردەوە کەلەوە زیاتر نەدەکراو ئاستی چاودێریکردن لەسەر خەزرەجی بەڕادەی گونجاو هەبووە! ئەم بانگاشەیە تەنیا قسەی قۆڕە! کەسێك کەتاوانبارکراوە بەکۆمەڵکوژی و تاوانی ژینۆساید، چۆن دەبێ ئەو ئازادییەی پێبدرێ و بەئارەزووی خۆی جرت و فرت بکات! ئەو هەر کاتێ وویستوویەتی بۆ شتکڕین یاکاریتر یاپیاسەکردن بچێتە دەرەوە، چووەتە دەرەوە! پۆلیسی دانیمارکی گەلێجار تەنها بەتەلەفۆن لێیپێچاوەتەوەو چاودێریکردووە!

لای مینستەری دادی دانیمارك، دادگای دانیمارك و پۆلیسی دانیمارك کەسێکی وەك "پیتەر لۆندین" کەتاوانبارە بەکوشتنی ژنێك و دوو منداڵ لەخەزرەجی ترسناکترە، بۆیە هەمیشە چواردەوری گیراوەو کەلەپچەی لەدەستدایە. بەلاّم خەزرەجی کەدەستی بەخوێنی هەزاران مرۆڤی کورد سوورە، ترسناك نەبوو و دەبووایە رێگای ئەوەی بدرێتێ لەماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەربێ!! راستە خۆ خەزرەجی کەسی دانیمارکیی نەکوشتووە؟! خۆ کەسی ئەمەریکی، فەرەنسی یا جووی نەکوشتووە؟! ئەو کوردی کوشتووە!! ئەی کورد هەروایان لێنەکراوە؟! خۆ کورد خاوەنی ستاتێك نین تابتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن؟ کێ باکی بەکورد کەوتووە!؟ کێ باکی بەقوربانیەکانی هێرشی ئەنفال هەیە!؟

هەڵوێستی کوردانە دەڵێ، نەزارخەزرەجی و وەفیق سامەرائی و نموونەی ئەوان هەرهەموویان دەستیان بەخوێنی کورد سوورەو دەبێ بدرێنە دادگا. گرنگ نییە ئەوانە لەکوێن و بانگاشەی چیدەکەن، ئەوانە لەهەرکوێبن، هەر شوێن و پایەیەکیان هەبێ و پێبدرێ تاوانبارن.

قوربانیەکانی ژینۆسایدی ئەنفال، ئەوانەی بەکۆمەڵ گازی مەرگیان بەسەرداکرا، ئەوانەی بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران، ئەوانەی بەر تۆپ و بۆردومانی سوپاکەی خەزرەجی و سەدام کەوتن، ئەوانە نازانن بەرژەوەندی ئەو پارت و ئەو لایەن چییە! ئەوانە لەچەمکی بەرژەوەندی یا خاترگرتن ناگەن! ئەوانە نازانن ئوپۆزیشیۆنی عێراقی چییە! ئەوان یەك راستی دەزانن، تەنها و تەنها یەك راستی، ئەویش ئەوەیە خەزرەجی و نموونەی ئەو دەستیان بەخوێنی قوربانیەکانی هەڵەبجە، شێخ وەسان و بالیسان، گەرمیان و بادینان سوورە. ئەو قوربانیانە تەنها ئەو راستییە دەزانن کە خەزرەجی و ئەوانیتر دەستیان بەخوێنی قوربانیەکانی ئەنفال سوورە. بەڵێ قوربانیەکانی ئەنفال داوای دادگایی ئەو تاوانبارانە دەکەن، بۆیەش گیانی ئەوان تەنها کاتێك دەسرەوێ ئەو ساتەی ئەم تاوانبارانە بەسزای خۆیان دەگەن. ئەو شەهیدانە گەردەنمان ئازادناکەن گەربێدەنگی لەو تاوانبارانە بکەین. بۆیە هەڵوێستی کوردانە ئەوەیە، ئەوانە لەهەرکوێ بن، خوانەخواستە گەرهاتوو ئەو تاوانبارانە لەدوای رووخانی سەدام پلەوپایەشیان پێدرا دەبێ پەنجەی تاوانباریان بۆدرێژبکرێ و هەوڵی دادگاییکردنیان بدرێت.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣